# پێوانەکردنی ئاستی ڕەوانی زمانی (پەرتوکی ئابوری پۆلی دوازدەی ئامادەیی) بە پێی ڕێگای هەڵسەنگاندنی وەرگرتن

عمر محمود كريم[1] - عمر احمد عبدالرحمن[2]

[1]بەشی زمانی کوردی، فەکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[2]بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە- شەقلاوە، زانکۆی سەلاحەدین، سەلاحەدین، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**

توێژەرانی بواری دەروزمانی (زانستی زمانی دەرونی)، پێیانوایە تێگەیشتن پرۆسەی کارلێکی نێوان خوێنەر و دەق و دەوروبەرە. لەم پرۆسەیەدا خوێنەر واتا بەرهەمدەهێنیت. ڕەوانی دەقەکەش دەوەستێتە سەر ئەو زمانەی کە دەقەکەی پێدەنوسرێتەوە. ئەمە وێرای جۆری دەقەکە و جۆری خوێنەرەکە. بەوپێیەی لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا بەگشتی خوێنەر بریتییە لە قوتابی و دەقیش بریتییە لە نوسینی ناو پەرتوکە فێرکارییەکان. بۆیە گرنگە ئەو زمانەی دەقی فێرکاری پێدەنوسرێتەوە ڕون و ڕەوان بێت. بڕیاردانیش لەسەر ڕونی و ناڕونی دەقە فێرکارییەکان چەند پێوەرێکی هەیە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ خستنەڕوی پێوەرەکانی ڕەوانی زمانی دەقە فێرکارییەکان. لەم چوارچێوەیەدا پەرتوکی (ئابوری پۆلی دوازدەی ئامادەیی)مان وەک نمونە وەرگرتوە و لەڕوانگەی قوتابییەوە هەڵسەنگاندنمان بۆ کردوە. ئەمەش لە چوارچێوەی ڕێگەی (هەڵسەنگاندنی وەرگرتن – اختبارات الاستعاب)ەوە ئەنجامدراوە، کە یەکێکە لە ڕێگاکان بەهۆیەوە هەڵسەنگاندن بۆ دەقێک دەکرێت، لەڕێگەی ئاراستەکردنی کۆمەڵێک پرسیار بۆ قوتابیان، کە تێیدا ئاستی تێگەیشتنی قوتابی سەبارەت بە دەقەکە دەستنیشاندەکرێت. ئەم توێژینەوەیە کۆمەڵێک پرسیاری لەبارەی زمانی نوسینەوەی پەرتوکی ئابوری ئامادەکردوە و لە چوارچێوەی فۆرمێکدا، کە بە ئامرازی توێژینەوە ناسراوە، ئاراستەی قوتابیانی کردوە، تا لە ڕێگەی ئەم پرسیارانەوە ڕادەی تێگەیشتنی قوتابیان بۆ پەرتوکەکە بزانێت. بەمەش لە ئەنجامدا ئاستی ڕەوانی زمانی نوسینەوەی پەرتوکەکەی بۆ دەردەکەوێت، کە لە ئاستێکی نزمدایە و ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی قوتابیان بەئاسانی لە دەقەکان تێنەگەن.

**کلیلە وشەکان:** ڕەوانی، دەقی فێرکاری، ڕێگای بڕیاردان، ڕێگای هاوکێشەکان، ڕێگای هەڵسەنگاندنی وەرگرتن.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper12

**Article Info:**
**DOI:** 10.26750/Vol(10).No(2).Paper12
**Received:** 21-June-2022
**Accepted:** 07-Aug-2022
**Published:** 29-June-2023
**Corresponding Author's E-mail:**
omar.mahmood@koyauniversity.org
omer.abdulrahman@su.edu.krd
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2023 Journal of University of Raparin.

**پێشەکی:** بواری پەروەردە و فێرکردن یەکێکە لەو بوارە گرنگانەی، کە بەهۆیەوە کۆمەڵگا گەشە دەکات و پێشدەکەوێت، لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا. یەکێک لە ئامرازە هەرە گرنگەکانی ئەم بوارەش بریتییە لە پرۆگرامی خوێندن (پەرتوکی قوتابخانە) کە هەمیشە جێگای گرنگی پێدانی پەروەردەکاران بوە. پرۆگرامی خوێندن ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە پێگەیاندنی مرۆڤدا، بۆیە پێویستە تا ئەوپەڕی بە شێوازێکی گونجاو و ڕون و ڕەوان بنوسرێتەوە. بەهەمان شێوە کرداری هەڵسەنگاندنیش شانبەشانی پرۆسەی ئامادەکردنی پەرتوکی قوتابخانە بەردەوامە و بە لایەنێکی گرنگی پرۆسەی چاکسازی لە پرۆگرام دادەنرێت. ئەم توێژینەوەیە بۆ هەڵسەنگاندنی زمانی دەقی پەرتوکە فێرکارییەکان لە دیدی قوتابیانەوە تەرخانکراوە. هەوڵدەدات وەڵامی پرسیارێک بداتەوە کە بریتییە لە: (ئایا ئەو زمانەی (پەرتوکی ئابوری پۆلی دوازدە)ی پێ نوسراوەتەوە زمانێکی ڕون و ڕەوانە؟ قوتابی بەبێ گرفت لێی تێدەگات؟).

**ناونیشان و بواری توێژینەوە:** توێژینەوەکە بەناونیشانی ((پێوانەکردنی ئاستی ڕەوانی زمانی (پەرتوکی ئابوری پۆلی دوازدەی ئامادەیی) بەپێی ڕێگای هەڵسەنگاندنی وەرگرتن)). توێژینەوەکە بەپێی شێوازی هەڵسەنگاندی وەرگرتن (اختبار الاستعاب) ئەنجامدراوە، لە ڕوانگەی قوتابییەوە زمانی پەرتوکەکە هەڵدەسەنگێنێت. بەو پێیەی توێژینەوەکە هەڵسەنگاندن بۆ زمانی دەقە فێرکارییەکان دەکات، بۆیە دەچێتە بواری زمانەوانی کارەکییەوە.

**ڕێبازی توێژینەوە:** دەستنیشانکردنی ڕێبازی توێژینەوە تارادەیەک پەیوەستە بە بوار و گرفتی توێژینەوەکە. لەم ڕوانگەیەوە ئەم توێژینەوەیە بەپێی میتۆدی (وەسفی – شیکاری) ئەنجامدراوە. سود لە شێوازی ئاماری وەرگیراوە، کە دو ئامرازی ڕاپرسی تیایدا ئامادەکراون و لە ڕێگایانەوە چەند پرسیارێک ئاراستەی قوتابییان کراوە، پاشان داتایەک وەکو ئەنجام بەدەستهاتوە. ئەمەش لەژێر ڕۆشنایی ڕێگای (هەڵسەنگاندنی وەرگرتن)دا، کە ڕێگایەکی باوە بۆ پێوانەکردنی ڕەوانی دەقە فێرکارییەکان.



**Original Article / Doi:** 10.26750/Vol(10).No(2).Paper12

**سنور و کەرستەی توێژینەوە:** سنوری توێژینەوەکە بریتییە لەم بوارانەی خوارەوە:

١- بواری مرۆیی: قوتابیانی پۆلی دوازدەی ئامادەیی.

٢- بواری بابەتی: هەڵسەنگاندنی زمانی پەرتوکی ئابوری پولی دوازدەیەم.

٣- بواری کات و شوێن: هەولێر و سلێمانی. ساڵی خوێندن (٢٠٢١-٢٠٢٢).

**ئامانجی توێژینەوە:** ئامانجی ئەم توێژنەوەیە ئەوەیە، ئاستی ڕەوانی زمانی پەرتوکی ئابوری پۆلی دوازدەهەم دیاریبکات و ئەگەر گرفتی هەبێت بیخاتە بەردەستی لایەنی پەیوەندیدار بەمەبەستی چارەسەرکردنی.

**ناوەرۆکی توێژینەوە:** توێژینەوەکە جگە لەم پێشەکییە، لە پوختەیەک و دو بەش پێکهاتوە:

**بەشی یەکەم:** لەم بەشەدا چوارچێوەیەکی تیۆری باسکراوە لەباری چەمکی ڕەوانی دەق و ڕێگاکانی پێوانەکردنی ئاستی ڕەوانی و شێوازی جێبەجێکردنی ڕێگاکان. **بەشی دوەم:** ئەم بەشە بە ناونیشانی (هەڵسەنگاندنی پەرتوکی ئابوری پۆلی دوازدە)یە، تەرخانکراوە بۆ لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە. تیایدا ئامرازی توێژینەوە کە بریتییە لە (٢٥) پرسیار لە بارەی زمانی نوسینی پەرتوکەکە. لە چوارچێوەی فۆرمێکدا ئاراستەی قوتابیان کراوە، پاشان زانیارییەکان لە فۆرمێکدا بەتاڵکراون و وەکو ئەنجامی توێژینەوە خراونەتەڕو لەگەڵ خستنەڕوی ڕاسپاردەیەک بۆ لایەنی پەیوەندیدار. لە کۆتاییدا سەرچاوەکان لە لیستێکدا خراونەتەڕو، پاشان هەر (٢٥) پرسیارەکە لەگەڵ ناو و پسپۆڕی شارەزاکان وەکو پاشکۆی لێکۆڵینەوە دانراون.

## بەشی یەکەم:

### ١- ڕەوانی و ڕێگاکانی پێوانەکردنی ئاستی ڕەوانی دەق

### (١/١)ڕەوانی دەق:(انقرائیة النص، Readability):

ئاخاوتن و بیستن، خوێندنەوە و نوسین ئەو چوار کارامەییەن، کە زمانی مرۆڤ پێکدەهێنن، لە ناویاندا خوێندنەوە کردەیەکی هزرییە و پێویستی بەبیرکردنەوە هەیە، ئەوەی گرنگە لە خوێندنەوەدا، ئەو هەڵسەنگاندنەیە، کە خوێنەر دەیکات بۆ ئەو دەقەی دەیخوێنێتەوە، ئایا پەسەندی دەکات، یاخود ڕەتیدەکاتەوە. دو هۆکاری سەرەکی هەیە، کە پەیوەستن بە کردەی خوێندنەوەوە، یەکێکیان بریتییە لەو کردە هزرییە جیاوازەی، کە کاریگەرە بەو دەرهاویشتە ناوەکییانەی، کە تایبەتن بە خوێنەر، ئەویتریان ئەو هۆکارە دەرەکییانەن، کە پەیوەندییان بە خودی دەقەکەوە هەیە. هەردو هۆکارکە کاریگەری تەواویان لەسەر وەرگرتن و تێگەیشتنی دەقەکە لەلایەن خوێنەوەرەوە هەیە، (ابو عمشە: ٢٠١٥: ٢). بەو پێیەی لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا، بەگشتی خوێنەر بریتییە لە قوتابی و دەقیش بریتییە لە هەمو ئەو نوسینانەی، کە لە دوتوێی پەرتوکە فێرکارییەکاندا هەیە، بۆیە گونجانی پەرتوکەکانی خوێندن لەگەڵ ئاست و توانای قوتابیاندا، یەکێکە لە تایبەتمەندییە هەرە گرنگەکانی ئەم جۆرە پەرتوکانە، کەواتە پێویستە دەقی نوسراوی ناو ئەم پەرتوکانە لەگەڵ توانای هزری و زمانی قوتابیدا گونجاو بێت.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper12

ڕادەی گونجانی دەقی نوسراوی ناو پەرتوکەکانی خوێندن، لەگەڵ ئاستی قوتابیدا ڕەوانی دەقەکە نیشاندەدات، پێویستە دەقەکە بەجۆرێک بێت، کە هێندە سەرو ئاستی قوتابیان نەبێت، کە لێی تێنەگەن، هەروەها هێندە لە خوار ئاشتیشیانەوە نەبێت، کە توشی بێزاری و وەڕسبونیان بکات، (ابو عمشە: ٢٠١٥: ٢-٣).

**(٢/١) چەمکی ڕەوانی (انقرائیة، Readability):** ڕەوانی لەلایەن توێژەرانەوە کۆمەڵێک پێناسەی جۆراوجۆری بۆکراوە. بەگشتی ڕەوانی بریتییە لەو (ئاسانی و نەرمییەی)، کە لە دەقێکدا هەیە و دەتوانرێت بەهۆیەوە دەقەکە باشتر و خۆشتر بخوێنرێتەوە و تێگەیشتن لێی ئاسانتربێت، هەروەها هەمو ئەو هۆکارانە دەگرێتەوە، کە کاریگەریان لەسەر سەرکەوتنی پرۆسەی خوێندنەوە و تێگەیشتنی هەر دەقێک هەیە، ئەمەش پەیوەستە بە دولایەنی سەرەکییەوە، یەکێکیان بریتییە لە گرنگیپێدان و پاڵنەرەکانی خوێنەر بۆ دەقەکە، ئەویتریان بریتییە لە ڕونی دەقەکە خۆی و باشی نوسین و پلەی ئاڵۆزی لە وشە و زاراوە و ڕستە بەکارهاتوەکاندا (Cotter: 2003: 40).

هاریس (Harris) پێیوایە ڕەوانی ئەو هاوشانییەیە، کە لە نێوان بابەتە زانستییە نوسراوەکان و توانای ئەو کەسانەدا هەیە، کە بۆیان ئامادەکراوە (ابوعمشة: ٢٠١٥: ٥)، بەواتای ئەوەی تاچەند دەقی ناو پەرتوکە فێرکارییەکان، هاوشانە یاخود دەگونجێت لەگەڵ توانای قوتابیاندا و دەتوانن لێی تێبگەن.

(داڤیسیۆن)یش پێیوایە، پلەی ڕەوانی بریتییە لەو زەحمەتی و قورسییەی ڕوبەڕوی هەر خوێنەرێک دەبێتەوە لە ئاستێکی دیاریکراو لە کاتی خوێندنەوەی دەقێکی نوسراودا (Davison: 1990: 363). کاتێک خوێنەر دەقیک دەخوێنێتەوە، بۆ تێگەیشتن لە دەقەکە چەند پلەیەک هەیە، دەقی وا هەیە بە شێوازێک نوسراوە. تێگەیشتن لێی ئاسانە، دەقی واش هەیە بە پێچەوانەوە، تێگەیشتن لێی پێویستی بە پرسیارکردن و لێکدانەوە هەیە، کەواتە ڕەوانی بریتییە لە پلەی ئاسانی و گرانی بۆ تێگەیشتنی قوتابیان و وەرگرتنی ئەو بابەتەی، کە دەیخوێنن. پلەکەش ئەو وێنەیە نیشاندەدات، کە ئایا تا چەند قوتابیان سەرکەوتوبون لە گێڕانەوەی وشە کرتێنراوەکان بەڕاستی و دروستی. لەو بابەتانەی، کە پێشکەشیاندەکرێت لە میانەی هەڵسەنگاندنێکی دیاریکراودا، بۆ خێرایی لە خوێندنەوە و تێگەیشتنیان(اللامی و الزوینی: ٢٠١٤: ١٧٣).

لە میانەی ئەو ناساندنانەی سەرەوە، بۆمان ڕوندەبێتەوە، کە ڕەوانی پشت بە دو هۆکاری سەرەکی دەبەستێت، یاخود دو هۆکار کاریگەرییان لەسەر پلەی ڕەوانی هەر دەقێک هەیە، کە بریتین لە:

١- ئەوەی پەیوەندی بە خوێنەرەوە هەیە. لەڕوانگەی توانای زمانیی و پاڵنەرەکانی.

٢- ئەوەی پەیوەندی بەو بابەتەوە هەیە، کە تەرخانکراوە بۆ خوێندن یان خوێندنەوە لەڕوانگەی ڕوخسار و چاپەمەنی و زاراوەی زمانیی و پێکهاتەی ڕستە و ئەو ڕێگا و شێوازانەی، کە بابەتەکەی پێخراوەتەڕو (ابو عمشە: ٢٠١٥: ٥).

کەواتە ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە، کە چەمکی ڕەوانی بەستراوەتەوە بە کێشەی پەیوەندی نێوان ئەو بابەتەی، کە نوسراوە یان چاپکراوە بۆ خوێندن لەڕوی ڕونی و ناڕونی یان ئاسانی و گرانی، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper12

تر لە نێوان خوێنەر و ئەو بابەتەی، کە دەیخوێنێت، لەگەڵ ڕادەی تێگەیشتنی کەسەکە بۆ ئەو دەقەی، کە خوێندویەتییەوە، تاچەند لێی تێگەیشتوە.

### (٣/١)ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان لەسەر ڕەوانی دەق هەیە:

کۆمەڵێک هۆکاری گرنگ هەیە، کە کاریگەرییان لەسەر ڕەوانی دەق هەیە، ئەو هۆکارانە دەبنە هۆی ئەوەی دەقەکە بۆ تێگەیشتن ئاسان بێت، یاخود بە پێچەوانەوە دەقەکە بە جۆرێک بێت، کە بە ئاسانی خوێنەر لێی تێنەگات، هۆکارەکانیش بریتین لە:

١- هەڵبژاردنی وشە و زاراوە و ڕستە بەکارهاتوەکان.

٢- بیرۆکەکان و چۆنییەتی خستنەڕویان.

٣- توانای قوتابی بۆ خوێندنەوە.

٤- دیزاینی بابەتە چاپکراوەکە و دەرهێنانی.

٥- هەمو ئەو وێنانەی کە لە پەرتوکەکاندا هەیە، بۆ ئاسانکردنی کرداری فێرکردن (الوطبان: ٢٠١٩: ٧٨).

جگە لە مانەی سەرەوە، ئەوەی گرنگە و کاریگەری تەواوی لەسەر ڕەوانی دەق هەیە، ئەوەیە، کە نوسەری دەقەکە هەندێک ڕێوشوێن هەیە، کە پێویستە لەکاتی نوسینی دەقەکەدا لەبەرچاویانبگرێت، ئەویش خۆی لەم چەند پرسیارانەدا دەبینێتەوە (بۆچی دەنوسم؟ بۆ کێ دەنوسم؟ چی دەنوسم؟ چۆن دەنوسم؟) (ابو عمشه: ٢٠١٥: ٦).

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان هەیە لەسەر ڕەوانی"دابەشیان بکەین بۆ دو کۆمەڵ هۆکاری سەرەکی، یەکەمیان ئەوەی پەیوەندی بە خوێنەرەوە هەیە، دوەمیان ئەوەی پەیوەندی بە خودی دەقەکە یان بابەتە نوسراوەکەوە هەیە. کە لەم خشتەیەی خوارەوەدا خراوەتەڕو (هەمان سەرچاوە: ٩)






Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper12

هەندێک لە توێژینەوەکان گەیشتونەتە ئەو ئەنجامەی، کە نزیکەی دوسەد هۆکار دەستنیشانبکەن بۆکاریگەری لەسەر ڕەوانی هەر دەقیک، کە بەگشتی ئەم دوسەد هۆکارە بەسەر چوار پۆلی سەرەکیدا پۆلیندەکەن بەپێی پلەی گرنگی هۆکارەکان، پۆلەکانیش بریتیین لە: (ناوەڕۆک، خستنەڕو یان شێوازی گوزارشتکردن، دیزاین، ئەو هۆکارانەی پەیوەستن بە ڕێکخستن) (یعلاوی ابتسام: ٢٠١٧ –٢٠١٨: ٢٦)، وەک وتمان ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان لەسەر تێگەیشتن و ڕەوانی لە دەقێکی نوسراودا هەیە. پەیوەستن بە دو لایەنی (دەق و ئەو کەسەی، کە دەقەکە دەخوێنێتەوە).

**یەکەم: هۆکارەکانی پەیوەست بە خودی دەقەکە:** بەگشتی ئەم هۆکارانە چەند بوارێک دەگرێتەوە، وەک:

**أ- وشە:** وشە بە یەکەمین هۆکاری کاریگەر دادەنرێت، لەسەر ڕادەی ڕەوانی دەقێک، هەربۆیە پێویستە گرنگی تەواو بدرێت بە هەڵبژاردنی ئەو وشانەی بەکاردەهێنرێن لە نوسینی دەقێکدا، بەتایبەتی ئەو دەقانەی بۆ قوتابیان و بواری خوێندن و پەروەردە ئامادەدەکرێن، چونکە ئەگەر هاتو بە جۆرێک لە جۆرەکان وشەی نامۆ بەکاربهێنرێت، ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی، قوتابیان بە زەحمەت لێی تێبگەن(ابو عمشە: ٢٠١٥: ١٠) ئەو هۆکارانەی پەیوەستن بە هەڵبژاردنی وشە و زاراوەکان لە نوسینی دەقدا، ئەم لایەنانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

١- درێژی وشە: بەکارهێنانی وشەی کورت دەبێتەهۆی ئەوەی تێگەیشتن لە دەقەکە ئاسانتر بکات، لە بەرامبەریشدا بەکارهێنانی وشەی درێژ پرۆسەی تێگەیشتن زەحمەتتر دەکات (عیاش: ٢٠١٥: ٨٢ ) هەروەها، کە هەڵبژاردنی وشە بۆ نوسینی دەقێک گرنگی زۆری هەیە. کەواتە بەدوای یەکداهاتنی وشەکان و بەرجەستەیی و نابەرجەستەیی وشەکان و لێکچون و جیاوازییان لەڕوی دەنگەوە، یەکێکن لەو هۆکارانەی کاریگەرییان لەسەر ڕادەی ڕەوانی و تێگەیشتنی دەق هەیە، (ابو عمشە: ٢٠١٥: ١٠).

دیارە مەبەست لە درێژی و کورتی وشە ژمارەی ئەو برگانەیە، کە وشەکەیان پێکهێناوە. بەم پێیە هەرچەندە ژمارەی برگەکانی وشەیەک کەمتر بێت، پێویستە ڕادەی ڕەوانی زیاتر بێت و بە پێچەوانەوە ئەمەش پشتی بەو هاوکێشەیە بەستوە، کە دەڵێ: وشە درێژەکان گۆکردنییان قورس و گرانە، بۆیە بەکاهێنان و تێگەیشتنیشیان زەحمەتترە. (عیاش: ٢٠١٥: ٨٢)

٢- وشەی باو: بەکارهێنانی وشەی نامۆ و نائاسایی لە نوسینی دەقە فێرکارییەکاندا، دەبێتە هۆی ئەوەی پرۆسەی تێگەیشتن لە دەقەکە درەنگتر و زەحمەتتر بێت، (ابو عمشە: ٢٠١٥: ١٠). بەگشتی لە زماندا هەندێک وشە هەن، کە بەکارهێنانیان زیاترە و زیاتر باون لەناو قسەپێکەرانی زمانەکەدا، پێچەوانەکەشی ڕاستە. بەڵام پێویستە ئاگاداری ئەوە بین، کە ئەم بارە جێگیر نییە، بەڵکو پەیوەندی بە کاتەوە هەیە. ئەگەر هاتو وشەیەک باویش نەبێت، بەڵام بە هەر هۆکارێک زۆر دوبارەبکرێتەوە لە بەکارهێناندا، دواتر دەبێت بە وشەیەکی باو، جا بۆیە پێویستە لیستی وشەکان لە بارەی باویی و ناباویی، زوزو نوێبکرێنەوە و گۆڕانییان بەسەردا بێت. چونکە زمان لە گەشەسەندن و گۆڕاندایە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper12

بەم پێیە دەکرێت هەندێک وشە لە ئێستادا باونەبن و کەمتر بەکاربهێنرێن. کەچی بە تێپەڕبونی کات. هەمان وشە ببن بە وشەی باو و بەهۆی زۆر بەکارهێنانیان لەلایەن قسەپێکەرانەوە.

٣- بەکارهێنانی زاراوەی تایبەتمەند: زۆر بەکارهێنانی زاراوەی تایبەتمەند لەناو دەقدا، دەبێتە هۆی زیادبونی پلەی زەحمەتی و گرانی لە تێگەیشتندا (عیاش: ٢٠١٥: ٨٣) بەواتای ئەوەی هەر دەقێک ئەگەر ژمارەی زاراوە تایبەتمەندەکانی زۆر بو، ئەوا دەقەکە ڕەوان نییە و خوێنەر درەنگتر لێی تێدەگات.

٤- بەکارهێنانی وشەی نابەرجەستە: وەکو ئاشکرایە هەمو ئەو دیاردانەی، کە لە ژیانی مرۆڤدا بەرجەستەن، درکپێکردنیان ئاسانترە لەوانەی نابەرجەستەن، بۆ زمان و وشەکانیش هەمان شتە، چونکە مرۆڤ ئاسانتر لەو وشانە تێدەگات، کە بەرجەستەیی نیشاندەدەن و بەر یەکێک لە هەستەکان دەکەون. بۆیە بەکارهێنانی وشە بەرجەستەکان یەکێکە لە هۆکارەکانی ئاسانبون و ڕەوانی دەقەکە (اللامی و الزوینی: ٢٠١٤: ١٧٦).

٥- بەکارهێنانی ئەو وشانەی، کە گوزارشت لە کەسەکان دەکەن: لە زماندا کۆمەڵێک وشە هەیە گوزارشت لە کەسی دیاریکراو دەکەن، وەک: (جێناوە کەسییەکان و ناوی کۆ و ناوی ناسراو ئەمانە هۆکارن بۆ بەرزکردنەوەی پلەی سەرنجڕاکێشی هەر دەقێک) (فلیش) لەکاتی دانانی هاوکێشەکەی، کە تایبەتە بە گرنگی و سەرنجڕاکێشی ئەو وشانەی گوزارشت لە کەسەکان دەکەن، پشتی بەڕێژەی بونی ئەمجۆرە وشانە بەستوە، بەشێوەیەک تا چەند ڕێژەی ئەم جۆرە وشانە لەناو دەقدا زیاتر بێت، ئەوا دەقەکە هێندەی تر سەرنجڕاکێش دەبێت (عیاش: ٢٠١٥: ٨٣)

**ب- هۆکارەکانی پەیوەست بە ڕستە:** ڕستە یەکێکی ترە لەو کەرستانەی، کە کاریگەری هەیە لەسەر ڕەوانی دەق، (بەیەکێک لەو هۆکارانە دادەنرێت، کە کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەسەر ئاسانی یان گرانی ئەو بابەتەی، کە بۆ خوێندنەوە دانراوە، درێژی ڕستەکان و جۆرەکانیان وا لە دەقەکە دەکات، بۆ تێگەیشتن ئاسان بێت یاخود بە پێچەوانەوە) (اللامی والزوینی: ٢٠١٤: ١٧٦) ئەو هۆکارانەی پەیوەستن بە هەڵبژاردنی ڕستەکان لە کاتی نوسینی دەقێکدا، ئەم لایەنانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

١- درێژی ڕستە: زۆری ژمارەی وشەکان لە پێکهاتی ڕستەکاندا دەبێتە هۆی ئاڵۆزی و نارەحەتی لە تێگەیشتندا، ئەمە پێچەوانەکەشی ڕاستە، لەبەرئەوەی ڕستە درێژی داوی بەیەکەوەبەستنی بیرۆکەکان لە خوێنەر دەکات، لە هەمانکاتدا وا لە خوێنەر دەکات بۆ ئەم پێکەوەبەستنە ئامادەنەبێت) ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی خوێنەر بە زەحمەت لە دەقەکە بگات، چونکە لەمبارەدا مێشکی پەرتدەبێت و زانیارییەکانی بۆ کۆناکرێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە سەرنجی ئەوە بدەین، کە ڕستەی کورت هەمیشە بۆ تێگەیشتن ئاسان نییە. ژمارەی وشە بەشدارەکان لە پێکهاتەی ڕستەدا نابێتە پاساو بۆ ئاسانی ڕستەکە. باوی وشە بەکارهاتوەکان و گونجاندنی لەگەڵ تەمەن و بیری قوتابیدا، یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکان بۆ تێگەیشتنی لە ڕستە و بیرۆکەکان. (ابو عمشە: ٢٠١٥: ١١)

٢- جۆری ڕستە: جۆری ڕستە کاریگەری لەسەر ئاسانی یان گرانی بۆ تێگەیشتن لە واتای ڕستەکە هەیە. ئەو ڕستانەی، کە بە (ناو) دەستپێدەکەن بۆ تێگەیشتن ئاسانترن. بەراورد بەو ڕستانەی، کە بەکار دەست پێدەکەن.([أ])



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper12

٣ – ڕستەی ناتەواو: كرتاندنی بەشێك لە پێكهاتەی ڕستە دەبێتە هۆی ناڕونی لە واتای ڕستەكە، ئەمەش پێویستی بە هەوڵ و ماندوبونێكی زۆر هەیە، تاوەكو لە واتای ڕستەكە بگەین، واتە پێویستمان بە توانا و كۆششێكی هزری هەیە بۆ ئەوەی دەركیپێبكەین.

٥ – بەكارهێنانی زۆری ژمارەی ڕستەی پرس و سەرسوڕمان و فەرماندان بە شێوەیەكی زۆر لە ناو دەقدا، دەبێتە هۆی سەرنجڕاكێشانی زیاتری خوێنەر، كە ئەمەش پرۆسەی تێگەیشتن زوتر و ئاسانتر دەكات (عیاش: ٢٠١٥: ٨٤ – ٨٥)

٦- گۆڕینی شوێنی كەرەستەكانی ڕستە: ئەمە پەیوەندی بە یاسای ڕیزبونی كەرەستەوە هەیە، كە هەرزمانێك بۆ ڕیزبونی كەرەستە پەیڕەو و یاسای سینتاكسی تایبەت بەخۆی هەیە. هەمو ئەوانەی لەسەرەوە ئاماژەیانپێكرا دەبنە هۆی ڕەوانی لە دەقدا.

پێویستە ئاماژە بەوە بكەین، كە ئاڵۆزی لە پێكهاتە زمانییەكاندا بە هۆی چەند هۆكارێكەوە دروستدەبێت، وەك: زۆری بەكارهێنانی خوازە و خواستن و كینایە، واتە بەكارهێنانی هونەرەكانی ڕەوانبێژی و بەكارهێنانی بكەرنادیار بەشێوەیەكی لەڕادەبەدەر.

**ج- ئەو هۆكارانەی پەیوەستن بە پەرەگراف:** پەرەگراف یەكێكە لە لایەنە هەرە گرنگەكان، كە هەر خوێنەرێك لە كاتی خوێندنەوەی دەقدا ڕوبەڕوی دەبێتەوە، كاریگەری تەواوی لەسەر تێگەیشتنی گشتی و ڕونی و ڕەوانی دەقەكە هەیە، هەر پەرەگرافێكیش لە (وشە و ڕستە و بیرۆكەكان) پێكدێت، ڕێكخستنی ئەمانە لە چوارچێوەی پەرەگرافێكدا، كاریگەری لەسەر ئاستی ڕەوانی و تێگەیشتندا هەیە، چونكە تێگەیشتنی خوێنەر بۆ دەقەكە تەنیا لە تێگەیشتنی یەكە یەكەی وشەكان كورتنابێتەوە، بەڵكو وشەكان هەمویان پێكەوە، یان پۆلێك وشە پێكەوە كاریگەرییان لەسەر تێگەیشتنی كەسەكە هەیە، هەروەها پەیوەندی ئەم گروپەی وشە لەگەڵ گروپێكی تر و هەمەئاهەنگی نێوانیان هەمو ئەمانە كاریگەری خۆیان هەیە، كە بە هەمویانەوە پەرەگراف پێكدەهێنن. ئەو هۆكارانەی پەیوەستن بە پەرەگراف بەگشتی، دو لایەنی سەرەكی دەگرێتەوە، یەكێكیان بریتییە لە ژمارەی ئەو وشە و ڕستانەی، كە پەرەگراف پێكدەهێنن. بێگومان كەمی ژمارەی وشە و ڕستەكان یارمەتیدەردەبێت بۆ پرۆسەی تێگەیشتن و ڕونی و ڕەوانی پەرەگرافەكە. دوەمیان بریتییە لە ژمارەی ئەو بیرۆكانەی، كە پەرەگرافێك لەخۆیاندەگرێت، بەم پێیە وا باشترە هەر پەرەگرافێك یەك بیرۆكەی سەرەكی لەخۆبگرێت، نەك سێ چوار بیرۆكە لە یەك پەرەگرافدا تێكەڵبكرێن و سەر لێشێواوی و ئاڵۆزی دروست ببێت و پرۆسەی تێگەیشتن زەحمەتتر بكات. ئەگەر هاتو پێویست بكات سێ بیرۆكە بخرێنەڕو، ئەوا وا باشترە لە چوارچێوەی سێ پەرەگرافدا ئەم كارە ئەنجامبدرێت(عیاش: ٢٠١٥: ٨٥).

كرۆكی سەرەكی هەر بابەتێك پشت بە بیرۆكەكان دەبەستێت، بۆیە پێویستە ڕەچاوی ئاسانی و وردی لە ڕێكخستنی بیرۆكەكاندا بكرێت لەكاتی داڕشتن و خستنەڕویاندا، لێرەدا پێویستە بیرۆكە بنەڕەتییەكەی بابەتەكە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper12

ڕونوڕەوان بێت و دور بێت لە تەمومژی، چونکە ئاسانی و ڕونی بیرۆکەکان کاریگەری زۆری لەسەر تێگەیشتن هەیە، (ابو عمشه: ٢٠١٥: ١٢).

**د- هۆکارەکانی پەیوەست بە دەق:** بەگشتی بریتین لە کۆمەڵیک هۆکار، کە پێویستە لە پێناو ڕونی و ڕەوانی دەقەکە ڕەچاوبکرێن، کە بریتین لە: زۆری بیرۆکەکان لەناو دەقێکدا کە تێکەڵی و پێکەڵی دروستدەکات، هەروەها چۆنییەتی خستنەڕوی ئەو بیرۆکانە، کاریگەری دەبێت، بۆ ئەمەش دو شێوازمان هەیە، یەکێکیان پێی دەوترێت ڕێگای (تنازولی) لەسەرەوە بۆ خوارەوە، کە یەکەمجار بە بیرۆکە گرنگەکان دەست پێدەکات، دواتر ئەوانەی کەمتر گرنگن. ئەم شێوازە پێیدەوترێت هەرەمی هەڵگەڕاوە (هرم المقلوب). شێوازی دوەم بریتییە لە شێوازی (تصاعدی) لە خوارەوە بۆ سەرەوە (بنکە بۆ لوتکە)، سەرەتا بە بیرۆکە لاوەکییەکان دەست پێدەکات بەرەبەرە تا دەگاتە بیرۆکە گرنگەکان(عیاش: ٢٠١٥: ٨٥-٨٦) ئامانج لەمەی سەرەوە ئەوەیە، بیرۆکەی سەرەکی و بیرۆکەی لاوەکی تێکەڵ بە یەکتری نەکرێن، تاوەکو سەر لە قوتابی یان خوێنەر نەشێویت و بتوانێت بیرۆکەکان لە مێشکی خویدا پۆلینبکات. بەمەش پرۆسەی تێگەیشتن ئاساندەبێت و ئاست یان پلەی ڕەوانی دەقەکە بەرز دەبێتەوە.

**دوەم:** ئەو هۆکارانەی پەیوەستن بە خوێنەر، کە ئەمە لایەنی ئارەزوی کەسەکە بۆ خوێندن و زانیاریی پێشو هەروەها پاڵنەرەکانی بۆ خوێندن و ئاستی زانستی و ڕۆشنبیری ئەو کەسە یان قوتابییەکە دەگرێتەوە (اللامی و الزوینی: ٢٠١٤: ١٧٥-١٧٦).

**سێیەم**[ii]: ئەو هۆکارانەی پەیوەستن بە دیزاینی بابەتەکە و دەرهێنانی، کە خۆی لە وێنە و شێوەی چاپکردن و جۆر و قەبارەی ڕێنوس و جۆری ئەو پەڕاوە دەبینێتەوە، کە دەقەکەی تێدا نوسراوە(الوطبان: ٢٠١٩: ٨٧).

(٤/١)**ڕێگاکانی پێوانەکردنی ڕەوانی دەق**[iii]: سەرچاوەکان ئاماژە بەچەندین ڕێگا دەکەن بۆ پێوانەکردنی ئاستی ڕەوانی دەق. ئەم ڕێگایانە وەکو پێوەرێک بەکاردێن بۆ پێوانەکردن یاخود زانینی ئاستی ڕەوانی دەقەکە. دەتوانین لەم پێنج ڕێگایەدا کۆیان بکەینەوە: (١-هەڵسەنگاندنی خودی. ٢-پرسیار و وەڵام. ٣-هاوکێشەکان. ٤ –نەخشە و وێنەی بەیانی. ٥-هەڵسەنگاندنی کلۆز) (محمود عبدالقوی: ٢٠١٢: ١٥٩ – ١٦٠).

(٥/١) بەگشتی ڕێگاکانی پێوانەکردنی ڕەوانی دەق بریتین لەمانەی خوارەوە:

( ١-٥/١) **ئەو ڕێگایانەی، کە تەنیا دەق تێیدا بەشدارە:**

**١- ڕێگای بڕیاردان (هەڵسەنگاندنی خودی):** ئەم شێوازە یەکێکە لە شێوازە هەرە باوەکان، تارادەیەکی زۆر ئەنجامدانی ئاسانە و پێویستی بەکاتی زۆر نییە. زۆربەی نوسەر و بڵاوکەرەوە و مامۆستاکان بۆ هەڵسەنگاندنی دەقێک پشت بە زانیارییەکانی خۆیان دەبەستن، تاوەکو بڕیاری لەسەر بدەن، کە ئایا ئەم دەقە بۆ تێگەیشتن ئاسانە، یاخود گرانە (هەمان سەرچاوە: ١٥). ئەم ڕێگایە پشت بە بۆچونی شارەزایان دەبەستێت، لەو بوارەشدا بۆچونی مامۆستایان وردەکاری زیاتری تێدایە لە بۆچونی لێکۆڵەر و نوسەرانی تر، هەر بۆیە بۆچونی مامۆستایان زیاتر بەهەند



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper12

وەردەگیرێت لە بۆچونی کەسانی تر، ئەمەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە مامۆستایان زیاتر بەرکەوتەیان لەگەڵ قوتابیاندا هەیە و زیاتر شارەزای کۆزانیارییە زمانیی و ئارەزوەکانی قوتابیانن، هەربۆیە هەڵسەنگاندنەکانیان زیاتر ڕاستی تێدایە، (مومني و المومني: ٢٠١١: ٥٦١). ئەم ڕێگایە پشت بە بۆچونی کەسەکان دەبەستێت بۆیە زیاتر خودییە و تاڕادەیەک لایینگری پێوەدیارە (صوایا و جرداق: ١٩٨٠: ٩٥).

بۆ زانینی ئاستی ڕونی و ڕەوانی دەقیک لە ڕێگەی شێوازی بڕیاردانەوە، لێکۆڵەر دەقێک هەڵدەبژێرێت و دەیخاتە بەر دەستی کۆمەڵێک مامۆستا و شارەزای بوارەکە، تاوەکو بڕیار لەسەر ئاستی ڕونی دەقەکە بدەن، پاشان ڕێژەی بڕیارەکانی ئەوان دەردەهێنێت و دەبێتە ئەنجام بۆ توێژینەوەکەی.

٢- **ڕێگای هاوکێشەکان**: دەرکەوتنی ڕێگای هاوکێشەکان بۆ پێوانەکردنی ئاستی ڕەوانی دەق، دەگەڕێتەوە بۆ بیستەکانی سەدەی بیستەم لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا، کتێبەکەی (ثورندایک) بەناونیشانی ( the teacher's world Book) لەم بوارەدا بە یەکەم بەرهەم دادەنرێت. ئەمەش دوای بانگەشەی مامۆستایانی زانست لە قوتابخانەکانی ئەمەریکا سەریهەڵدا، کە دەیانگوت: ئایا ئێمە لەسەرمانە وانەی زانست و تیۆرەکان و هاوکێشەکان بە قوتابییان بڵێین یان زاراوەکانی زمانی ئینگلیزی، (ابو عمشه: ٢٠١٥: ١٧) ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لەڕوی زاراوەوە ناڕونییەکی زۆر بەدیدەکرا لەو زمانەی زانستەکانی پێ نوسرابوەوە، بۆیە پێویستی بە ڕونکردنەوەی زیاتر هەبو.

زۆربەی هاوکێشەکان بە ناوی خاوەنەکانیان ناونراون، کە پەرەیان بەو هاوکێشانە داوە و پراکتیزەیان کردوە، وەک: (Flesh, Spach, Smog, Fry) (اللامی و الزوینی: ٢٠١٤: ١٧٨).

بەکارهێنانی ئەم شێوازە بۆ پێوانەکردنی پلەی ڕەوانی دەق، پێویستی بەکاری ئاماری و شیکردنەوە و بەراوردکردنی ئەنجامەکان هەیە، لەگەڵ خشتەی ئامادەکراو و وەرگیراو لەم هاوکێشانە، بە پشت بەستن بە هۆکاری زمانیی (Klare: 1984: 48)، لەم بوارەدا کۆمەڵێک هاوکێشە بەرچاودەکەون، کە بەناوی خاوەنەکانییان ناونراون، وەک: (١- هاوکێشەی فلیش flesh formula ٢- هاوکێشەی فرای fry readability graph ٣- هاوکێشەی فۆگ گاینینگ the fog gunning formula ٤- هاوکێشەی فلیسش کینساد flesch – kincaild formula) (Glion: 2008: 101)، بەشێوەیەکی گشتی ئەم هاوکێشانە لە جیهانی ڕۆژئاوادا پەرەیانپێدرا. بەتایبەتی لە زمانی ئینگلیزیدا.

(٢-٥/١) **ئەو ڕێگایانەی دەق و خوێنەر تێیدا بەشدارن:**

**ڕێگای هەڵسەنگاندنەکان:**

**أ- هەڵسەنگاندنی کلۆز** (close): ئەم هەڵسەنگاندنە شێوازێکی ترە، کە دەتوانرێت بۆ پێوانەکردنی ڕەوانی دەق سودی لێ وەربگیرێت. (ئەم زاراوەیە لە ساڵی (١٩٥٣ز) لەلایەن (ویلسۆن تایلۆر)ەوە داڕێژراوە، زاراوەکە لە وشەی (closure) وەرگیراوە، کە بەیەکێک لە یاساکانی درکپێکردن دادەنرێت لە تیۆری جشتاڵت) (اللامی والزوینی: ٢٠١٤:



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper12

١٧٩). زاراوەکە لە بنەڕەتدا لە دەروونناسی شکلی (جشتالتی)ەوە هاتوە، کە لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە، کە (مرۆڤ ئامادەگییەکی بۆماوەیی تێدا هەیە بۆ تەواوکردنی ئەو ناتەواوییانەی، کە دەکەونە بەرچاوی)، (ابو زكار: ٢٠١٦: ٤٧).

شێوازی کلۆز بەوە دەناسرێتەوە، کە یەکێکە لە شێوازە ئاسانەکان بۆ پێوانەکردنی ئاستی ڕەوانی دەق. بەپێی ئەم شێوازە لەو دەقەی کەوا بڕیارە پێوانەبکرێت، لە هەر پێنج یان شەش یان حەوت وشەدا یەکێکیان لادەبرێت و داوا لە خوێنەر دەکرێت، کە وشەکان لە شوێنی خۆیدا دابنێتەوە، جا ئەگەر قوتابییەکە یان خوێنەرەکە لە دانانەوەی وشەکان یان پڕکردنەوەی بۆشاییەکان گەیشتە پلەی (٨٠٪)، ئەوا دەتوانرێت بڕیار لەسەر ئەوە بدرێت، کە ئەم دەقە لەبارە بۆ تێگەیشتن و ئاستی قوتابیان لەلایەنی ڕەوانییەوە(الخزاعله: ٢٠٢١: ٨٠) شێوازی کلۆز بە شێوازێکی میکانیکی گشتی دادەنریت بۆ هەموو ئەو دەقانەی، کە دەخوێنرێن، هەروەها بە شێوازێکی بابەتی دادەنرێت و لێکۆڵەر کات و ماندووبونێکی زۆری بۆ دەگەڕێتەوە، بە بەراورد لەگەڵ ڕێگاکانی تردا (محمد سفيان: ٢٠١٩: ٣٣).

شێوازەکانی لابردنی وشە لە ناودەقدا لە چوارچێوەی ڕێگای کلۆزدا زۆرن، دەتوانرێت بە چەندین شێواز وشەکان لابدرێن، بەڵام ڕێگا هەرە باوەکان بریتین لەمانەی خوارەوە:

أ- لابردنی بنیادی: لەمجۆرەدا لە هەر پێنج یان شەش یان حەوت وشەدا یەکێکیان لادەبرێت، بەبێ گوێدانە ئەوەی، کە سروشتی وشەکە چییە؟ ئایا کارە؟ ناوە؟ ئامرازە؟ یان ئەرکی لە ڕستەدا چییە؟ ئایا بکەرە؟ بەرکارە؟...تد.

ب-لابردنی فەرهەنگی: لەمجۆرە دا ئەو وشانە لادەبرێن، کە سروشتێکی تایبەتیان هەیە، وەک لابردنی کار، ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار...تد(عياش: ٢٠١٥: ٧٨-٧٩).

**هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی ڕێگای کلۆز**: بۆ پێوانەکردنی هەر دەقێک لە چوارچێوەی شێوازی (کلۆز)دا. پێویستە بەگوێرەی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە بێت:

١- هەڵبژاردنی دەقەکە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی، بەشێوەیەک هەر دەقێک لە (١٠٠-٢٥٠) وشە پێکهاتبێت.

٢- ژمارەیەک لە وشەکانی ناو دەقەکە لادەبرێن، بەڕێگەی هەڕەمەکی یان بە ڕێگەی ڕێکخراو، لە شوێنی ئەو وشانە بۆشایی دادەنرێت.

٣- پێویستە بۆشاییەکان لە درێژیدا یەکسان بن(محمد سفيان: ٢٠١٩: ٣٤).

**ب - هەڵسەنگاندنی وەرگرتن** (**الاستعاب**): لە ڕێگەی ئەم هەڵسەنگاندنەوە ڕوندەبێتەوە، کە ئایا ئەو دەقەی لەبەر دەستی خوێنەردایە تا چەند لەبارە بۆ وەرگرتن و تێگەیشتن، ئەویش لە ڕێگای چەند پرسیار و داواکارییەک. کە لە قوتابییەکە دەکرێت.

پێوانەکردنی ڕەوانی دەق لە ڕێگەی هەڵسەنگاندنی وەرگرتن، لەسەر سێ ئاست ئەنجامدەدرێت، کە ئەوانیش بریتین لە وەرگێڕان و شرۆڤەکردن و لێکدانەوە. مەبەست لە وەرگێڕان ئەوەیە، داوا لە قوتابی دەکرێت، گوزارشت



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper12

لە دەقەکە بە وشە و زاراوەی تر بکات، بەڵام کاریگەری واتایی دروست نەبێت، هەروەها مەبەست لە شرۆڤەکردن ئەوەیە، داوا لە قوتابی دەکرێت ئەو بیرۆکانەی، کە دەقەکە لەخۆیگرتون ڕونیانبکاتەوە و ڕێکیانبخات. مەبەستیش لە لێکدانەوە، هەڵێنجانی واتا و بیرۆکە نارۆشنەکانە لە ڕێگەی بیرۆکە ڕۆشنەکانەوە (ابو عمشە: ٢٠١٥: ١٥).

**(٦/١) شێوازەکانی هەڵسەنگاندنی وەرگرتن (اختبار الاستعاب):**

١- شێوازی ڕێکخستنەوەی دەق (التتابع): لەم شێوازەدا توێژەر دەقەکە بەش بەش دەکات بۆ کۆمەڵێک ڕستە و دەستەواژە، پاشان داوا لە قوتابیان دەکات دەقەکە ڕێکبخەنەوە بەشێوەیەک واتای تەواو بەدەستەوە بدات.

٢- شێوازی بنیاتنانەوەی دەق: لەم شێوازەدا دەقێک دەخرێتە بەردەستی قوتابی و داوای لێدەکرێت، کە بە شێوازێکی تر گوزارشتی لێبکات. بەڵام بە مەرجێک هەمان واتا بدات بەدەستەوە.

٣- شێوازی هەڵبژاردن: ئەم شێوازە یەکێکە لە باوترین شێوازەکان. کە بە شێوەیەک پرسیار ئاراستەی قوتابی دەکرێت، کە بۆ وەڵامدانەوە چەند بژاردەیەک دەداتە قوتابیان بۆ ئەوەی وەڵامە ڕستەکە هەڵبژێرن. پرسیارەکانیش لە شێوەی بۆشایی یان هەڵبژاردن... هتد دەبێت، (ابو زکار: ٢٠١٦: ٥٢).

**لایەنە چاکەکانی ئەم ڕێگایە:** هەر ڕێگایەک لە ڕێگاکانی پێوانەکردنی ڕەوانی دەق لایەنی چاک و خراپی هەیە، چاکەکانی ئەم ڕێگایە لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەخەینەڕو:

١- نەرمییەکی زۆری تێدایە دەتوانرێ بۆ پێوانەکردنی ئاستی ڕەوانی زۆربەی هەرە زۆری دەقە فێرکارییەکان بەکاربهێنرێت.

٢- بەشێوەیەکی گشتی لایەنی خودی بۆ ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە کاریگەری کەمترە.

٣- ئاسانە لە جێبەجێکردن و خێرایە لە ئەنجامدان و وردە لەو ئەنجامانەی بەدەستی دەهێنێت.

**لایەنە خەراپەکانی ئەم ڕێگایە:** ئەم ڕێگایەش کۆمەڵێک خاڵی لاواز و نەرێنی هەیە، وەک:

١- ڕێکخستن و دانانی پرسیارەکان، هەروەها کاتی دیاریکراو بۆ ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنەکە کاریگەری لەسەر ئەنجامی هەڵسەنگاندنەکە هەیە.

٢- هەڵچوون و توانا و ئارەزووەکانی قوتابی بۆ خوێندن و خوێندنەوە کاریگەری لەسەر ئەنجامەکان دەبێت.

٣- پلەی تەخمینکرن لەم جۆرە هەڵسەنگاندنەدا بەرزە.

٤- دابەشکردنی پرسیارەکان و نمرەکانیان کێشە بۆ کردەکە دروستدەکات، بەوەی کە هەندێک لە پرسیارەکان گرانن و پێویستیان بە نمرەی زیاتر هەیە، هەروەها بەپێچەوانەوە. (سامية بسيوني: ٢٠٠٢: ١٦٩-١٧٠)

هەروەها لێکۆڵەرانی ئەم بوارە کۆمەڵێک خاڵیان بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکان پێشکەشکردوە، لەوانە:

١- دوای ئامادەکردنی ئامرازی هەڵسەنگاندنەکە بە کۆمەڵێک شارەزای بوارەکە نیشانبدرێت، بۆئەوەی بۆچونی خۆیان لە بارەیەوە بخەنەڕو و خەوشەکانی کەم بکەنەوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper12

٢- بەرلەوەی هەڵسەنگاندنەکە ئەنجامبدرێ، وا باشترە توێژەر ئەو پرسیارانەی ئامادەیکردون لەسەر کۆمەڵێک قوتابی تاقیبکاتەوە لە دەرەوەی نمونەی دیاریکراودا. لە پێناو دۆزینەوەی ئەو خاڵە لاوازانەی، کە دەبنە مایەی دروستکردنی گرفت لەبەردەمی ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنەکە، بە مەبەستی چارەسەرکردنیان، (Harrison:1980:3))

ئێمە لە ئەنجامدانی ئەم لیکۆڵینەوەیەدا. پەیرەوی ئەم ڕێگایە (ڕێگای هەڵسەنگاندنی وەرگرتن)مان کردوە. چونکە پێمانوایە، کە ڕێگایەکی باشە بۆ پێوانەکردنی ئاستی ڕەوانی دەق. گرنگییەکەشی لەوەدایە، کە قوتابی لە هەڵسەنگاندنەکەدا بەشدارە و پرسیارەکان ئاراستەی ئەو دەکرێن و لەکاتێکدا قوتابی لایەنیکی بنەڕەتییە لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا.

## بەشی دووەم

## هەڵسەنگاندن و پێوانەکردنی ئاستی ڕەوانی زمانی پەرتوکی(ئابوری پۆلی دوازدەی ئامادەیی) لە ڕوانگەی قوتابیانەوە لەژێر ڕۆشنایی ڕێگای هەڵسەنگاندنی وەرگرتن.

(١/٢) **کۆمەڵگای توێژینەوەکە:** کۆمەڵگای توێژینەوەکە لە سەرجەم قوتابیانی پۆلی دوازدەی ئامادەیی وێژەیی پێکدێت، لە سنوری پەروەردەی هەولێر و سلێمانی. کە ژمارەیان دەگاتە (٢٩٦٧٨) قوتابی، لەمانە (١١١٩٥) قوتابی لە ناو شار و (١٨٤٨٣) قوتابی لە دەرەوەی شار دان. (١٧٨٥٨) قوتابی لە سنوری هەولێر، کە (١٠٤٨٠) قوتابی کوڕ و (٧٣٧٨) قوتابی کچن، هەروەها (١١٨٢٠) قوتابی لە سنوری سلیمانی دان، کە (٦٠٦٦) یان کوڕ و (٥٧٥٤) یان کچن. ئەمە بەپێی ئاماری وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی (٢٠٢١-٢٠٢٢) وەک لە خشتەی ژمارە (٢ – ١)دا خراوەتەڕو.

خشتەی (٢- ١) دابەشکردنی کۆمەڵگای توێژینەوەکە بەپێی سنوری پەروەردە و ژمارەی قوتابیان ڕوندەکاتەوە:

| سنوری پەروەردە | کۆمەڵگە | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| هەولێر گشتی | کۆی گشتی | ١٧٨٥٨ | ٪٦٠ |
| | قوتابی / نێر | ١٠٤٨٠ | ٪٥٩ |
| | قوتابی / مێ | ٧٣٧٨ | ٪٤١ |
| هەولێر ناوشار | کۆی گشتی | ٦١٩٠ | ٪٣٥ |
| | قوتابی / نێر | ٣٤٤٩ | ٪٥٦ |
| | قوتابی / مێ | ٢٧٤١ | ٪٤٤ |
| هەولێر دەرەوەی | کۆی گشتی | ١١٦٦٨ | ٪٦٥ |



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper12

| | | | |
|---|---|---|---|
| شار | قوتابی/ نێر | ٧٠٣١ | ٪٦٠ |
| | قوتابی/ مێ | ٤٦٣٧ | ٪٤٠ |
| سلێمانی گشتی | کۆی گشتی | ١١٨٢٠ | ٪٤٠ |
| | قوتابی/ نێر | ٦٠٦٦ | ٪٥١ |
| | قوتابی/ مێ | ٥٧٥٤ | ٪٤٩ |
| سلێمانی ناوشار | کۆی گشتی | ٥٠٠٥ | ٪٤٢ |
| | قوتابی/ نێر | ٢٥٤٥ | ٪٥١ |
| | قوتابی/ مێ | ٢٤٦٢ | ٪٤٩ |
| سلێمانی دەرەوەی شار | کۆی گشتی | ٦٨١٥ | ٪٥٨ |
| | قوتابی/ نێر | ٣٥٢٣ | ٪٥٢ |
| | قوتابی/ مێ | ٣٢٩٢ | ٪٤٨ |

**نمونەی توێژینەوە:** وەرگرتن و هەڵبژاردنی نمونەی توێژینەوە ڕێوشوێنی تایبەت بەخۆی هەیە. ئەم کۆمەڵگایە دو جۆر نمونەی لەخۆگرتوە، یەکەمیان بریتییە لە ژمارەی قوتابیان کە پرسیارەکانییان ئاراستە دەکرێت، ئێمە لێرەدا بەپێی پێوەری (مۆرجان)(Morgan: 1970: 607-610)، نمونەی کۆمەڵگاکەمان دەستنیشانکردوە. بەم پێیە ژمارەی قوتابیانی نمونەکە دەکاتە (٣٦٠) قوتابی. دەستنیشانکردنی قوتابییەکانیش بەشێوەیەکی هەڕەمەکی ئامانجدار بوە. بەوەی، کە هەوڵماندا‌وە هاوسەنگییەک ڕابگرین لە نێوان قوتابیانی ناوشار و دەرەوەی شار، قوتابیانی کوڕ و کچ، هەروەها قوتابیانی سنوری پەروەردەی هەولێر و سلێمانی. دواى ڕەچاوکردنی ئەمانەی لای سەرەوە. بەشێوەیەکی هەڕەمەکی قوتابییەکانمان دەستنیشانکردون.

دوەمیان بریتییە لە هەڵبژاردن و ئامادەکردنی (٢٥) پرسیار لە پەرتوکی ئابوری پۆلی دوازدەی ئامادەیی، تاوەکو ئاراستەی قوتابیان بکرێت. هەڵبژاردنی پرسیارەکان ئامانجدار و بە مەبەست بوە. هەوڵماندا‌وە پرسیارەکان لەو شوێنانە هەڵبژێرین، کە پێمانوابوە گرفت لە زمانی نوسینەوەی بابەتەکە و خستنەڕوی بەشێوەیەکی ڕونو ڕەواندا هەیە. پرسیارەکانمان لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی پەرتوکەکە هەڵبژاردوە.

(٣/٢) **ئامرازی توێژینەوەکە:** دوای وەرگرتنی بۆچونی شارەزایان لەم بوارەدا، بەباشمانزانی کۆمەڵێک پرسیار لە پەرتوکی ئابوری پۆلی دوازدەی ئامادەیی وێژەیی ئامادەبکەین. پرسیارەکان هیچ پەیوەندییان بەلایەنی زانستیی ئابوری و تایبەتمەندی ئابورییەوە نییە، بەڵکو پرسیارەکان وەک ئامرازێک بەکارهاتون بۆ پێوانەکردنی ئاستی ڕەوانی ئەو زمانەی دەقەکانی ناو پەرتوکەکەی پێنوسراوەتەوە.

پرسیارەکان لە شێوەی (هەڵبژاردن و ڕونکردنەوە و واتای زاراوە و داڕشتنەوەی دەق) دان، کە لە ڕێگەی ئەم پرسیارانەوە ئەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە، کە ئایا قوتابییان لە زمانی پەرتوکەکە تێدەگەن یان نەخێر؟ هەروەها لە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper12

ڕێگەی ئەم (پرسیارانە)وە دەتوانین وەڵامی پرسیارێکی سەرەکی توێژینەوەکە بدەینەوە، کە ئەویش (ئایا ئەو زمانەی پەرتوکی ئابوری پۆلی دوازدەی پێنوسراوەتەوە زمانێکی ڕون و ڕەوانە؟ قوتابی بەبێ گرفت لێی تێدەگات؟)

لە هەڵبژاردنەکاندا دو بژاردە خراوەتە بەردەست قوتابییان، یەکێکیان وەڵامی ناو پەرتوکەکەیە و ئەویتریان ئەو وەڵامەیە، کە ئێمە پێمانوایە پێویستە بەو شێوەیە بێت. لەمبارەدا ئەگەر قوتابی وەڵامی پەرتوکەکەی پێراست بێت، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، کە گرفتی نییە لە تێگەیشتن و ڕونی و ڕەوانی دەقەکە، ئەگەرنا پێچەوانەکەی ڕاستە. ئامرازی توێژینەوەکە لە (٢٥) پرسیار پێکهاتوە، لە شێوازی (ڕونی بکەوە، کامەی ڕونترە. ئەم زاراوەیە واتای چییە. واتای ئەم دەقە لێکبدەوە... تد) بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی پرسیارەکان بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١)

**ڕاستییەتی (الصدق** validity):

بۆ ئەوەی دڵنیابین لە ڕاستی و دروستی ئامرازی توێژینەوەکە، کە بریتیی بو لەو (٢٥) پرسیارەی، کە ئامادەمانکردبو. بەپێویستمانزانی پیشانی ژمارەیەک لە پسپۆڕانی زمان و دەرونزانی و پەروەردە و کۆمەڵناسی بدەین، کە ژمارەیان (٧) کەس بو، تاوەکو بۆچونی خۆیان بخەنەڕو لەبارەی ئەوەی، کە ئایا ئامرازەکە شیاوە بۆ ئەوەی زمانی نوسینەوەی دەقەکانی ناو پەرتوکە فێرکارییەکانی پێ هەڵبسەنگێنین و بەهۆیەوە ئاستی ڕونیوڕەوانی دەقەکان بزانین، هەروەها بۆ ئەوەی دڵنیابین لەوەی، کە پرسیارەکانمان بە وردی داڕێژراون و شیاون بۆ بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەکە.

ئەنجامی ڕاوبۆچونی شارەزایان لەسەر ئامرازی توێژینەوەکە دوای گۆڕینی هەندێک وشە و زاراوە و پاش و پێشکردنی هەندێک لە برگە (پرسیار)ەکان و دەستکاریکردنی هەندێک لە هێماکانی خاڵبەندی، بە ڕێژەی (٩٤٪) بڕگەکانی ئامرازەکەیان پەسەندکرد. ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر ڕێژەی کۆدەنگی شارەزایان لە (٧٥٪) زیاتر بێت ئەوا لەڕوی ڕاستییەتییەوە پەسەند دەکرێت (الزوبعي: ١٩٨١: ٤٤).

(٥/٢) **ئەزمونکردنی هەڵسەنگاندنەکە:** لە پێناو دڵنیابون لە ڕاستی و دروستی ئەو هەڵسەنگاندنەی ئامادەمانکردبو، فۆڕمەکانمان بەسەر کۆمەڵێک قوتابییدا دابەشکرد لە دەرەوەی نمونەی بنەڕەتی توێژینەوەکە. ئامانج لەم کارە بریتیبو لە دەستنیشانکردنی ئەو کێشە و گیروگرفتانەی، کە دێنە بەردەم جێبەجێکردنی لایەنی پراکتیکی کارەکە، بە مەبەستی چارەسەرکردنییان، هەروەها بۆ دەستنیشانکردنی کاتی پێویست بۆ ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنەکە.

(٦/٢) **دەستنیشانکردنی کات:** بۆئەوەی ئەو کاتە دەستنیشانبکەین، کە هەڵسەنگاندنەکە دەیخایەنێت، بزانین قوتابیان چەند کاتیان پێویستە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، ڕێگای هەژمارکردنی ناوەندی ژمێرەیی (الوسط الحسابي)مان بەکارهێنا، لە ئەنجامدا کاتی شیاو بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان بریتیبو لە (٤٠) خولەک. ئەمەش بەپێی جێبەجیکردنی ئەم هاوکێشەیەی خوارەوە: (ابو ناهية: ١٩٩٤: ٣٠٧).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper12

کاتی خایەنراو بۆ یەکەم قوتابی + کاتی خایەنراو بۆ دوەم قوتابی

کاتی شیاو = ——————————————————————————

٢

لە میانەی ئەزمونکردنی هەڵسەنگاندنەکەدا، ئەو قوتابییەی یەکەم کەس لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکان تەواو بو کاتەکەی (٢٥) خولەکی خایاند، هەروەها ئەو قوتابییەی دواکەس لەوەڵامەکان تەواوبو کاتەکەی (٤٥) خولەکی خایاند. بەپێی ئەم هاوکێشەیەی سەرەوە کاتی پێویست بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان بریتی دەبێت لە ( ٣٥ ) خولەک، ئێمە (٥) خولەکمان زیاد پێبەخشین بۆ قەرەبوکردنەوەی ئەو کاتەی، کە لە ڕونکردنەوە و پرسیارکردندا بە فیڕۆ دەڕوات.

**ئەنجامی توێژینەوە:** ئەم بڕگەیە خستنەڕو و شیکردنەوەی ئەو ئەنجامە لەخۆدەگرێت، کە ئەم توێژینەوەیە بەدەستی هێناوە لەبارەی هەڵسەنگاندن و پێوانەکردنی ئاستی ڕەوانی پەرتوکی ئابوری پۆلی دوازدەی ئامادەیی، لە ڕوانگەی قوتابییانەوە. بۆ جێبەجێکردنی ئەم مەبەستەی سەرەوە، وا بەباش زانرا بۆ وەڵامی هەر پرسیارێک بە شێوەی ڕێژەی سەدی دەستنیشانبکرێت، کە ئایا ڕێژەی چەندی قوتابییان وەڵامی پەرتوکەکەیان هەڵبژاردوە، هەروەها چەندیان وەڵامی دەرەوەی پەرتوکەکەیان هەڵبژاردوە، چونکە ڕێژەی سەدی بۆ وەڵامەکان لە هەڵسەنگاندنی تێگەیشتندا. دەستنیشانکەری بنەڕەتییە بۆ چەندییەتی تێگەیشتنی باش. سەبارەت بە وەڵامی قوتابیان بۆ ئەو پرسیارانەی ئاراستەیانکرابو ڕێژەی سەدی وەڵامە ڕاست و ناڕاستەکان وەرگیرا و هەمو داتاکان لە فۆرمێکدا خرانەڕو، کە بۆ ئەم مەبەستە ئامادەکرابو وەک لە خشتەی ژمارە (٢-٢)دا هاتوە.

خشتەی ژمارە (٢-٢) زانیارییەکان لەبارەی وەڵامی قوتابییان دەخاتەڕو.[iv]

خشتەی (٢-٢)

| ژ.پرسیار | أ | ب | ڕێژەی سەدی ( أ ) | ڕێژەی سەدی ( ب ) |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ٢٠ | ٣٥٩ | ٪٥ | ٪٩٥ |
| ٢ | ٣١ | ٣٤٨ | ٪٨ | ٪٩٢ |
| ٣ | ٥٩ | ٣٢٠ | ٪١٦ | ٪٨٤ |
| ٤ | ٧٥ | ٣٠٤ | ٪٢٠ | ٪٨٠ |
| ٥ | ٥٨ | ٣٢١ | ٪١٥ | ٪٨٥ |
| ٦ | ٨٢ | ٢٩٧ | ٪٢٢ | ٪٧٨ |
| ٧ | ٨١ | ٢٩٨ | ٪٢١ | ٪٧٩ |
| ٨ | ٧٢ | ٣٠٧ | ٪١٩ | ٪٨١ |
| ٩ | ٣١ | ٣٤٨ | ٪٨ | ٪٩٢ |
| ١٠ | ٨٥ | ٢٩٤ | ٪٢٢ | ٪٧٨ |



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper12

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١١ | ٨٦ | ٢٩٥ | ٪٢٣ | ٪٧٧ |
| ١٢ | ١١ | ٣٦٨ | ٪٣ | ٪٩٧ |
| ١٣ | ٦٤ | ٣١٥ | ٪١٧ | ٪٨٣ |
| ١٤ | ٢٨ | ٣٥١ | ٪١٧ | ٪٨٣ |
| ١٥ | ٢٧ | ٣٥٢ | ٪٧ | ٪٩٣ |
| ١٦ | ٦٥ | ٣١٤ | ٪١٧ | ٪٨٣ |
| ١٧ | ١٦٧ | ٢١٢ | **٪٤٤** | **٪٥٦** |
| ١٨ | ٧٩ | ٣٠٠ | ٪٢١ | ٪٧٩ |
| ١٩ | ٧٤ | ٣٠٥ | ٪٢٠ | ٪٨٠ |
| ٢٠ | ٧٠ | ٣٠٩ | ٪١٨ | ٪٨٢ |
| ٢١ | ١٤٦ | ٢٣٣ | **٪٣٩** | **٪٦١** |
| ٢٢ | ٨٩ | ٢٩٠ | ٪٢٣ | ٪٧٧ |
| ٢٣ | ١٤٣ | ٢٣١ | **٪٣٨** | **٪٦٠** |
| ٢٤ | ٤٨ | ٣٣١ | ٪١٣ | ٪٨٧ |
| ٢٥ | ٣١ | ٣٤٨ | ٪٨ | ٪٩٢ |

بەپێی ئەو زانیارییە ئامارییانەی لە خشتەی ژمارە (٢-٢) خراوەتەڕو، کە لە ئەنجامی هەڵسەنگاندنەکە دەستمانکەوتوە. ئەوە دوپاتدەکەنەوە، کە لە کۆی (٢٥) پرسیاردا تەنیا لە (٣) پرسیاردا، ئەو وەڵامەی ئێمە بەباشمانزانیوە ڕێژەی پێویستی بەدەستنەهێناوە، واتە لە خوار ڕێژەی (٧٥٪) دان. لە هەمان کاتدا ئەنجامی (٢٢) پرسیار، ڕێژەی ئەو قوتابییانەی وەڵامەکەی ئێمەیان پێ پەسەندبوە لە سەروی ڕێژەی پێویست بوە، کە (٧٥٪). ئەگەر ئەمە بە تێکڕا وەربگرین دەکاتە (١٢٪)، واتە (١٢٪) پرسیارەکان لە قازانجی پەرتوکی ئابوری وەڵامدراونەتەوە و (٨٨٪)ی وەڵامەکان لەگەڵ ئەو وەڵامانەدا، کە ئێمە بە شیاومان زانیوە هاوتەریب بون.

ئەو پرسیارانەی، کە ڕێژەی پێویستییان بەدەستنەهێناوە بریتیی بون لە پرسیارەکانی (١٧. ٢١. ٢٣). بە تێڕوانینی ئێمە بۆ ئەم هۆکارانە دەگەڕێتەوە:

١- لە پرسیاری (١٧، ٢٣)دا، هەڵەکە پەیوەندی بەشوێنی کەرەستە بەکارهاتوەکانی ڕستەوە هەیە، ئەمەش لە هەندێک باردا کەمتر کاریگەری واتایی دروست دەکات.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper12

٢- لە پرسیاری (٢١)دا، هەڵەکە پەیوەندی بە کرتاندنی پریپۆزیشنەوە هەیە. ئەمەش دەشێت بەوە لێکبدەینەوە، کە (خەڵکی بە شێوەیەکی ڕێکوپێکی زمانەوانی مامەڵە لەگەڵ زانیارییەکاندا ناکەن... لە زۆربەی توێژینەوەکاندا دەرکەوتوە گوێگر و خوێنەر بڕێکی زۆر زانیاری بەکاردێنن، جگە لەو بڕە زانیارییەی لەو کاتەدا بەرهەم هێنراوە) (عبدالله حسین: ٢٠١٥: ١٢٣).

لە چەندین توێژینەوەدا توێژەران چەند ڕستەیەکی ناتەواویان خستۆتە بەردەستی کۆمەڵێک قوتابی و دوای ئەوەی داوایانلێکردون ئەوە بڵێن، کە لێیتێگەیشتون، قوتابییەکان ئۆتۆماتیکی وشەکان یان ڕستە ناتەواوەکانیان ڕاستکردۆتەوە. ئەمەش پەیوەندی بە کرداری (داکردنەوەی فۆنیم و کردەی وشەدۆزەوە هەیە)، کە مرۆڤ بەپێی سروشتی خۆی هەوڵدەدات لە کاتی خوێندنەوە یان بیستندا شتە ڕاستەکە وەربگرێت. واتە بەبێ ئاگایی هەڵەکان ڕاستدەکاتەوە.

بەکورتی ئەنجامی توێژینەوەکە ئەوە نیشاندەدات، کە پەرتوکی ئابوری پۆلی دوازدەی ئامادەیی لەڕوی زمانی نوسینەوە گرفتی هەیە و قوتابیان بەباشی لێیتێناگەن. زمانەکە لەڕوی ڕەوانییەوە لە ئاستێکی خراپدایە و بەپێی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە (٨٨٪) وەڵامی قوتابیان لەگەڵ پەرتوکەکەدا یەکناگرێتەوە و گرفتیان لەگەڵ زمانی نوسینەوەی پەرتوکەکەدا هەیە.

**ڕاسپاردە:** لەژێر ڕۆشنایی ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە ئەم ڕاسپاردەیەی خوارەوە دەخەینەڕو:

دوبارە پیداچونەوە بە زمانی نوسینی پەرتوکی ئابوری پۆلی دوازدەی ئامادەیی بکرێت، لەلایەن لێژنەیەکی پسپۆڕ و تایبەتمەندی زمانی کوردی، لە پێناو بەرزکردنەوەی ئاستی ڕەوانی زمانی پەرتوکەکە و گەشەپێدانی خاڵە بەهێزەکان و نەهێشتنی خاڵە لاوازەکان، کە ئەم توێژینەوەیە ئاشکرایکردون بۆ ئەوەی قوتابیان بەبێ گرفت لێیتێبگەن. یاخود وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان لیژنەیەکی پسپۆڕ ڕابسپێرن بۆ ئەوەی سەرلەنوێ پەرتوکێک بۆ بابەتی ئابوری دابنێن، کە هەمان ئەو بابەتانەی ئێستای پەرتوکەکەی لەخۆگرتبێت، بەڵام بابەتەکان وەرگێڕدراو نەبێن، بەڵکو لەلایەن پسپۆڕانی کوردەوە ئەم کارە جێبەجێ بکرێت.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper12

# The Criterion level of Readability in Teaching Tutorials: Twelfth Grade Economic Book as a Sample

**Omar Mahmood Kareem[1] - Omer Ahmed Abdurrahman[2]**

[1]Kurdish Department, Faculty of Education, Koya University, Koya, Kurdistan Region, Iraq.

[2]Kurdish Department-College of Education-Shaqlawa University of Salahaddin -Erbil, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract:

Psycholinguistics consider that a comprehension is a process of interaction among reader, text and the surrounding culture. In this process the reader creates meaning and the clarity of the text depends on the language as well as the types of the reader and the quality of the text. In teaching process, the reader is pupil and the text is the written forms in tutorial books. It is important to be known that the language should be clear. The decision about readability and unreadability of a tutorial text has its criterion. In this frame the text book of Economic in the twelfth grade is taken as a sample and assessed in the viewpoints of pupils in a comprehensive assessment process. One of the ways of assessment is to use a questionnaire method in which pupil's comprehension is detected. This research puts a questionnaire about a written language in Economic twelfth grade book. The pupil's comprehension is assessed through answering, as a result the readability of the text is determined. Thus It shows that the readability of the text is in a lower level.

**Keywords**: Readability, Tutorial Text, Assessment, The Equation, And Comprehensive Assessment.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper12**

## سەرچاوەكان:

ابتسام. يعلاوي (٢٠١٧-٢٠١٨). مقروئية الكتاب الالكتروني لدى الطلبة الجامعيين. دراسة ميدانية لطلبة علم المكتبات. سنة الثالثة ليسانس و ماجستير ٢ الجامعة.

ابو زكار، محمد جمعة عبيد (٢٠١٦). مستوى انقرائية كتاب لغتنا الجميلة لدى طلبة الصف الرابع الاساسي. رسالة ماجستير. جامعة الاسلامية. غزة. كلية التربية.

ابو عمشة. خالد حسين (٢٠١٥). المقروئية ماهيتها وكيفية قياسها. شبكة الالوكة. الرياض. www.alukoh.net

ابو ناهية، صلاح الدين (١٩٩٤)، القياس التربوى، ط١، القاهرة، مكتبة الانجلو المصرية.

رسول، عبدله حسين (٢٠١٥)، دەروزمانی، گۆڤاری زمانناسی، ژماره (١٧)، ساڵی (٢٠١٥)

الزوبعي، عبدالجليل ابراهيم و محمد احمد غنام (١٩٨١)، مناهج البحث فى تطويرها باستخدام المناهج، ط٢. دار الامل للنشر. اربد.

سامية بسيوني، (٢٠٠١). قياس بعض جوانب انقرائية كتب اللغة بالحلقة الاولى من التعليم الاساسى، رسالة دكتورا، جامعة عين الشمس، القاهرة.

سفيان، محمد (٢٠١٩)، مستوى مقروئية كتاب دروس اللغة العربية لطلاب المدرسة الثانوية الاسلامية، بحث مقدم لتكملة شرط من شروط الاكاديمية للحصول على درجة الماجستير في برنامج الدراسات العليا لقسم تعليم اللغة العربية – كلية علوم التربية و التعليم، جامعة شريف هداية اللة الاسلامية الحكومية جاكارتا.

صوايا. لميا مجاعص و جرداق. مراد (١٩٨٠). العواما المؤثرة في مقروئية كتب الرياضيات. مجلة دراسات العلوم الانسانية. المجلد السابع. العدد الثاني. الجامعة الاردنية. الاردن.

عبدالقوى. محمود (٢٠١٢). لغة الصحافة والحرب المفاهيم. ط١. القاهرة. دار العالم العربي.

عياش. يحيى باسم يحيى(٢٠١٥). انقرائية الاخبار في الصحف الفلسطينية الالترونية. الجامعة الاسلامية بغزة. كلية الاداب. قسم الصحافة والاعلام.

اللامي. رحيم علي صالح و الزويني. ابتسام صاحب (٢٠١٤). المقروئية (مستوياتها – العوامل المؤثرة فيها – صعوبات تطبيقها ). مجلة كلية التربية الاساسية. جامعة بابل. عدد (١٧).

مومني، عبداللطيف والمومني، محمد (٢٠١١) مستوى مقروئية الكتاب اللغة العربية للصف الرابع الاساسي في الاردن، مجلة جامعة دمشق، (٣-٤) ٢٧.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper12

الوطبان. عبدالعزيز بن رشيد عبدالعزيز (٢٠١٩). مستوى مقروئية الصور فى كتاب لغتي الجميلة للصف الرابع الابتدائي. مجلة جامعة القيوم للعلوم التربوية و النفسية. عدد الثالث العشر – جزء الاول.

Cotter, Jeanne, (2003) Readability and reading ability. Measurement and Assessment. Southern Illinois university. Edwardsville.

Davison, A.Readability and reading levels in Walberg. H.J. Heartil, G,D (EDS) international Encyclopedin of Educational Evaluation, New York, Pergamon press

Glion, A. (2006) the relation ship between the Readability of physic and Scientific thinking skills among the Students of the 3the grade Secondary cycle, Journal of Science Education 11 (1).

Harrison, C. (1980). Readability in the Classroom Cambridge University press, Cambridge.

Klare, GL(1984). ) Readability in pearson, P. David Hard book of Reading. New York: Longman.

Krejcie, R & Morgan, D(1970): Determining sample size research activates. Educational and psychological, Measurement, 30.607-610.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper12

# پاشکۆکان

## پاشکۆی ژمارە (١) ئامرازی توێژینەوەکە نیشاندەدات:

**فۆرمی هەڵسەنگاندنی ڕادەی تێگەیشتنی قوتابیان لەکتێبی (ئابوری بۆ پۆلی دوازدەهەمی ئامادەیی ویژەیی و بازرگانی)**

تکایە ئەم زانیارییانە پڕبکەوە:

ناوی قوتابخانە.................................................، ڕەگەز.................، شار.......................

قوتابی خۆشەویست ئەم کاتەت باش...

ئامانج لەم هەڵسەنگاندنە پێوانەکردنی ڕادەی تێگەیشتنی تۆیە لە کتێبی ( ئابوری بۆ پۆلی دوازدەهەمی ئامادەیی ویژەیی و بازرگانی.) لەڕوی زمانەوە، هەروەها زانینی ئاستی تێگەیشتن لە دەقەکانی ناو کتێبەکە. پێویستە ئەوە بزانی، کە ئەم هەڵسەنگاندنە تەنیا بۆ ئامانجی توێژینەوەی زانستی بەکاردێت و هیچ پەیوەندی بە نمرەی تۆوە نییە لە بابەتەکە، هەوڵ بدە پرسیارەکان بەباشی بخوێنەوە ئینجا وەڵام بدەوە.

**پرسیارەکان:**

**پ١/ وەڵامی ڕاست بخەرە ناو بازنەوە:**

- ئەمەش خۆی.......... چەند ماف پێدانێک بە پڕۆژەکان دەبینێتەوە.

أ- هیچ وشەیەکی لێنەبێت ب- لە

**پ٢/ وەڵامی ڕاست بخەرە ناو بازنەوە:**

- حسابی ڕەوانەکراوی یەک لایەنە: بریتییە لە هەمو................ حەواڵەکردنانەی لایەنێک دەیکات جا دارایی بێت یان لە شێوەی شمەک بێت، کە لە نێوان دەوڵەتەکان و کەسەکان دا دروست دەبێت.

أ- ئەو ب- هیچ وشەیەکی لێنەبێت

**پ٣/ وەڵامی ڕاست بخەرە ناو بازنەوە:**

- مەبەستیش لەم ئامانجە ئەوەیە، کە دەسەڵاتە نەختینەییەکان ئاگاداری جێگیرکردنی چالاکی ئابوری ............ لە بەرزترین ئاستی گونجاو لە خستنەگەڕی سروشتی مرۆییەکان

أ- بن ب- هیچ وشەیەکی لێنەبێت

**پ٤/ وەڵامی ڕاست بخەرە ناو بازنەوە:**

- ................ بە دەرامەتە ناوەخۆییەکان هەمو پێداویستییەکانی دەوڵەت پڕبکرێتەوە.

أ- ئەستەمە ب- گرانە

**پ٥/ وەڵامی ڕاست بخەرە ناو بازنەوە:**



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper12

- کاتێ پلانی ئابوری دەچێتە...................... جێبەجێکردنەوە.

أ- بواری ب- قاڵبی

**پ٦/ وەڵامی ڕاست بخەرە ناو بازنەوە:**

- بەڵام ئەو گۆڕانکارییانەی، کە لە کۆمەڵێک دەوڵەتدا بە شێوەیەکی هاوبەش ڕو.................

أ- دەدات ب- دەدەن

**پ٧/ وەڵامی ڕاست بخەرە ناو بازنەوە:**

- چۆن دەتوانرێت کەمی سەرمایە شی..................

أ- بکرێتەوە ب- بکەینەوە

**پ٨/ وەڵامی ڕاست بخەرە ناو بازنەوە:**

- .................. پەرەپێدانی هەرلەخۆوە بدوێ.

أ- لەسەر ب- لەبارەی

**پ٩/ وەڵامی ڕاست بخەرە ناو بازنەوە:**

- ئەمەش دەرەنجامی هەرەس هێنانی بازاڕ و سەقامگیرنەبونی سیستەمەکانی......................... لێ دەکەوێتەوە.

أ- سەرمایەداری ب- سەرمایەداریدا

**پ١٠/ وەڵامی ڕاست بخەرە ناو بازنەوە:**

- پێویستە لەسەر ئەو دەوڵەتانەی داوای قەرز لە بانکی نێو دەوڵەتی دەکەن، ئەندام......... لە سندوقی دراوی نێو دەوڵەتی.

أ- بن ب- بێت

**پ١١/ وەڵامی ڕاست بخەرە ناو بازنەوە:**

- دیاردەی زیادبونی خەرجی گشتی..................؟

أ- چییە ب- چین

**پ١٢/ وەڵامی ڕاست بخەرە ناو بازنەوە:**

- کارگوزارییە بەرهەم هێنراوەکان لە کەرتە ئابورییە جۆراوجۆرەکانی (شمەک ئامێز. دابەشکردن، کارگوزاری).

**وشەی (شمەک ئامێز) واتای چییە؟**

أ- ................................ ب- نازانم

**پ١٣/** ناچونیەکی لە توانا مرۆییەکاندا: **هاواتای وشەی (ناچونیەکی) چییە؟**

أ- ......................، ب- نازانم



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper12

**پ١٤/** مەبەست لەم ڕامیارییە ئەو کارڕاپەڕاندنانەیە، کە دەوڵەتەوە بەکاری دێنێ بۆ گۆڕینی هەڵاوسانی کراوە بۆ هەڵاوسانێکی کپکراو. **(کار ڕاپەڕاندن) واتای چییە؟**

أ- ................................، ب- نازانم

**پ١٥/** دوخێکی وەک ئەمەش دەبێتە هۆی کورتهێنان، چونکە خواستە زیادەکە بادەداتەوە سەر هێنراوەکان. **دەستەواژەی (بادەداتەوە) واتای چییە؟**

أ- نازانم ب-........................................

**پ١٦/ کامەی ڕونترە؟ بخەرە ناو بازنەوە.**

أ- لە ساڵانی (٢٠٠٨)دا کاتێک داکشانەوە و بی بازاڕی، ئابوری جیهانی گرتەوە، وڵاتانی وەک (ئەمەریکا و وڵاتە ئەوروپییەکان و ژاپۆن و زۆربەی وڵاتەکانی تری جیهان)، بۆ چارەسەری ئەم بابەتە پەنایان بردەبەر (کەمکردنەوەی نرخی سو).

ب-وەک (ئەمەریکا و وڵاتانی ئەوروپا و ژاپۆن و زۆربەی زۆری دەوڵەتانی تری جیهان بۆ چارەسەرکردنی ئەم (داکشانەوە و بێ بازارییەی ئابوری جیهانی گرتەوە لە ساڵانی (٢٠٠٨) پەنایان بردە بەر (کەمکردنەوەی نرخی سو).

**پ١٧/ کامەی ڕونترە؟ بیخەرە ناو بازنەوە.**

أ- پێشکەوتنی تەکنەلۆژی بەگرنگترین ئەو هۆکارانە دادەنرێت، کە پەرەپێدانی ئابوری پێ دەبوژێتەوە و چەندایەتی بەرهەمی پێ زیاد دەکرێ.

ب-یەکێک لە هۆکارە گرنگەکانی بوژانەوە و پەرەپێدانی ئابوری بریتییە لە پێشکەوتنی تەکنەلۆژی، کە دەبێتە هۆی زیادبونی بەرهەم لە ڕوی چەندێتییەوە.

**پ١٨/ کامەی ڕونترە؟ بیخەرە ناو بازنەوە.**

أ- دوای ئەوەی لە ڕوی مەیدانییەوە پێوانەیەکی وردی دەرامەتە ئابورییەکانی نەتەوەیی کرا.

ب- دوای ئەوەی لە ڕوی مەیدانییەوە، پێوانەیەکی ورد بۆ دەرامەتە ئابوریيە نەتەوەییەکان کرا.

**پ١٩/ کامەی ڕونترە؟ بیخەرە ناو بازنەوە.**

أ- هەروەها نوێنەرەکانی لە ئەندام و کارمەندانی سەربە ڕێکخراوەکە خاوەنی مافی تایبەتی و پارێزراوی خۆیان هەیە.

ب-هەروەها نوێنەر و ئەندام و کارمەندەکانی سەر بە ڕیکخراوەکە مافی تایبەتی و پارێزراوی خۆیان هەیە.

**پ٢٠/ کامەی ڕونترە بیخەرە ناو بازنەوە.**

أ- باج بەوە پێناسە دەکرێت، کە سەپێنراوێکی نەختینەییە.

ب- باج پێناسە دەکرێت، کە سەپێنراوێکی نەختینەییە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper12

**پ٢١/ کامەی ڕونترە بیخەرە ناو بازنەوە.**

أ- سەرەتادا پێویستە بیرمان بێتەوە (بەرهەمهێنان) بریتییە لە دروستکردنی سود یان زیادکردنییەتی.

ب- لەسەرەتادا پێویستە سەرنجی ئەوە بدەین، کە بەرهەمهێنان بریتییە لە دروستکردن یان زیادکردنی سود.

**پ٢٢/ کامەر ڕونترە؟ بیخەرە ناو بازنەوە.**

أ- ئەم دەسهاتانەش بریتین لەو (کرێیانەی کە دەدرێن بە کارکەران و موڵکانە کە خاوەن زەوییەکان وەری دەگرن و ئەو سوەی کە سەرمایەداران دەستیان دەکەوێت.

ب-ئەم دەستهاتانەش بریتین لەو (کرێیەی کە دەدرێت بە کارکەران و ئەو موڵکانەیەی کە خاوەن زەوییەکان وەریدەگرن، لەگەل ئەو سوەی سەرمایەدارەکان دەستیان دەکەوێت.

**پ٢٣/ کامەی ڕونترە؟ بیخەرە ناو بازنەوە.**

أ- بەپێی ئەم ڕێگایە خەرجییەکان لەسەر بنەمای دوا بەکارهێنانیان هەژمار دەکرێن.

ب- ئەم ڕێگایە خەرجییەکان لەسەر بنەڕەتی دوا بەکارهێنانیان حساب دەکرێت.

**پ٢٤/ کامەی ڕونترە بیخەرە بازنەوە.**

أ- ئەگەر نێردراوەکانی لە شمەک زیاتر بن لە هێنراوەکانی لە شمەک.

ب- ئەگەر شمەکە نێردراوەکان زیاتر بن لە شمەکە هێنراوەکان.

**پ٢٥/ ئەم دەقە واتای چییە؟ دابیرێژەوە.**

مانای فراوانی بەربڵاوی بەگوێرەی ڕای ئابورىناس (تۆدارۆ) (بریتییە لەو بارە ئابورییەی کە بە نزمی ئاستی بژێوی ژیان هاوشان لەگەڵ هەژارییەکی بەرەوخوار نیشانە دەکرێ، و نزمی سەرمایەس تا کەکەس، نزمی ڕێژەی گەشەکردنی ئابوری، نزمی ئاستی بەکاربردن، خزمەتگوزاری تەندروستی کەمە و بەش ناکات، ڕێژەی بەرزی لەدایکبون، کەمی سەربەستی هەڵبژاردنی ئەو چالاکییانەی کە دەبنە هۆی پڕکردنەوە ئارەزوەکانی مرۆڤی بەکاربەر).

أ- نازانم

ب-.........................................................................................................

.........................................................................................................

.........................................................................................................

.........................................................................................................

....................................



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper12

## پاشكۆی ژمارە (٢)

### ناو. پلەی زانستی. پسپۆڕی و شوێنی كاركردنی لیژنەی شارەزایان

| ناو | كۆلێژ | زانكۆ | پسپۆڕی |
|---|---|---|---|
| پ.د.عبدلله حسین رسول | زمان | سەلاحەدین | مۆرفۆسینتاكس |
| پ.د.عبدالواحد مشیر دزەیی | زمان | سەلاحەدین | زمانەوانی دەروونی |
| پ.د.صباح رشید قادر | زمان | سەلاحەدین | زمانەوانی |
| پ.د.شیلان عمر حسین | | سلێمانی | زانستی زمانی كارەكی |
| پ.ی.د.محمد حسین محمد شوانی | ئاداب | سەلاحەدین | ئەنثرۆپۆلۆجیای كەلتوری |
| پ.ی. د. محمد طه حسین | ئاداب | سەلاحەدین | دەرونزانی كەسایەتی |
| پ.ی.د. سلوی احمد امین | پ/ بنەڕەتی | سەلاحەدین | پێوانە و هەڵسەنگاندن |

## پاشكۆی ژمارە (٣)

### ڕاستییەتی فۆرمی ڕاپرسی توێژینەوەكە دەخاتەڕو

| ناو | بڕگە گونجاوەكان | بڕگە نەگونجاوەكان | ژمارەی بڕگە نەگونجاوەكان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| پ.د.عبدلله حسین رسول | ٢٣ | ٢ | (٢١،١٨) | ٪٩٢ |
| پ.د.عبدالواحد مشیر دزەیی | ٢٣ | ٢ | ( ٢٢ .١٦ ) | ٪٩٢ |
| پ.د.صباح رشید قادر | ٢٤ | ١ | ( ١٢ ) | ٪٩٦ |
| پ.د.شیلان عمر حسین | ٢٢ | ٣ | ( ١٧ .١٣ .٧ ) | ٪٨٨ |
| پ.ی.د.محمد حسین محمد شوانی | ٢٣ | ٢ | ( ١٤ .١ ) | ٪٩٢ |
| پ.ی. د. محمد طه حسین | ٢٤ | ١ | ( ١١ ) | ٪٩٦ |
| پ.ی.د. سلوی احمد امین | ٢٤ | ١ | ١٢ | ٪٩٦ |
| كۆی گشتی | ١٦٤ | ١١ | | ٪٩٣ |

ژمارەی پرسیارەكان = ٢٥

ژمارەی پسپۆڕان = ٧

كۆی گشتی بڕگەكانی فۆرمەكە = ژمارەی بڕگەكان × ژمارەی پسپۆڕان = ١٧٥

ڕێژەی ڕاستییەتی ئامرازەكە = كۆی گشتی بڕگە گونجاوەكان ÷ كۆی گشتی بڕگەكانی ئامرازەكە × ١٠٠



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper12

## پەراوێزەکان:

---

[i] – ئەمە زیاتر پەیوەستە بە زمانی عەرەبییەوە چونکە لە عەرەبیدا لە دابەشکردنێکی ڕستەدا (جملة فعلية و جملة اسمية ) لەیەکتر جیادەکرێنەوە. هەروەها لە کوردیدا (زۆر بەکارهێنانی ڕستەی مۆرفۆسینتاکس) لە هەندێک باردا، بەتایبەت لەو دەقانەی بۆ قۆناغی سەرەتایی دانراون، ئاڵۆزی دروستدەکات.

[ii]– هۆکاری دوەم و سییەمیش لەڕوی گرنگییەوە هیچیان کەمتر نییە لە هۆکاری یەکەم ، بەڵام ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە لایەنی شێواز و چۆنییەتی دارشتنی دەقەکە و لایەنی زمانەوانییەوە نییە، بەڵکو زیاتر جەخت لەسەر باری دەرونی ئەو کەسە دەکەنەوە کە دەقەکە دەخوێنێتەوە، لەگەڵ لایەنی فیزیکی دەقەکە، ئەمەش دەچێتە دەرەوەی سنوری ئەم توێژینەوەیە. ئەرکی توێژینەوە لەم دو خاڵەدا دەکەوێتە ئەستۆی تایبەتمەندییەکی ترەوە، کە ڕێباز و میتۆدی لیکۆڵینەوەی تایبەت بەخۆی هەیە، بۆیە ئێمە لێرەدا تەنیا ئاماژەمان پێکردون و لە چونە ناو وردەکارییەکاندا خۆمان پاراستوە.

[iii] ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە، کە سەرچاوەکان لەڕوی ناولێنانی ئەم ڕێگایانەوە کۆکنین، بەواتای ئەوەی ناوی شێوازەکان بەپێی سەرچاوەکان گۆڕانی بەسەردا هاتوە. بەڵام جیاوازی نێوان سەرچاوەکان تەنیا لە ڕوی ناولێنانەوەیە، لەڕوی ناوەڕوکەوە هەمان شتە.

[iv] هێمای ( أ ) ژمارەی ئەو قوتابییانە نیشاندەدات کە پێیانوایە وەڵامی ناو پەرتوکەکە ڕاستە و لە زمانی پەرتوکەکە تێدەگەن و گرفتییان لەگەڵیدا نییە.

– هێما (ب ) ژمارەی ئەو قوتابییانە نیشاندەدات کە پێیانوایە وەڵامی دەرەوەی پەرتوکەکە ڕاستە و لە زمانی پەرتوکەکە باش تێناگەن و گرفتیان لەگەڵیدا هەیە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper12